# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە سەفەردا بووایە، و (بیویستایە) لە شوێنێک دابەزێت وبمێنێتەوە (بۆ پشوو وەرگرتن)؛ لەسەر لای ڕاستی ڕادەکشا، وئەگەر بیویستایە پێش بەیانی بخەوێت؛ بازووی (دەستی ڕاستی) بەرز دەکردەوە (بەرەو ئاراستەی سەری) وسەری دەخستە ناو لەپی

لە ئەبی قەتادەی ئەنسارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە سەفەردا بووایە، و (بیویستایە) لە شوێنێک دابەزێت وبمێنێتەوە (بۆ پشوو وەرگرتن)؛ لەسەر لای ڕاستی ڕادەکشا، وئەگەر بیویستایە پێش بەیانی بخەوێت؛ بازووی (دەستی ڕاستی) بەرز دەکردەوە (بەرەو ئاراستەی سەری) وسەری دەخستە ناو لەپی».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بوو ئەگەر لە سەفەردا بووایە، و بیویستایە لە شوێنێک دابەزێت لە سەرەتای شەودا بۆئەوەی بمێنێتەوە وبخەوێت وپشوویەک وەربگرێت، لەسەر لای ڕاستی لاشەی ڕادەکشا بۆئەوەی بۆ ماوەیەکی باش پشوو بە لاشەی بدات، بەڵام ئەگەر بیویستایە پێش دەرکەوتنی بەیان بخەوێت، ڕادەکشا وبازووی دەستی ڕاستی بەرز دەکردەوە (بەرەو ئاراستەی سەری) وسەری دەخستە ناو لەپی وبەم شێوەیە دەخەوت بۆئەوەی خەوەکەی قووڵ نەبێت ونوێژی بەیانی لە دەست بچێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee